ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
51
10 ی کانونی دووەم /جەنیوەری 2023

## چەتەکانی کوردایەتی!



موحسین کەریم

مەلا بەختیار، لە سیمینارێکدا ڕۆژی ٧ی ئەم مانگە کە تایبەت بوو بەدۆخی ئابوریی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە نزیکەی (٣٠٠) ملیۆنەر لەناو یەکێتی و پارتی و گۆڕاندا هەن و ئێستا چینی چەتە لەکوردستان دروست بوە!

هەڵبەتە مەلا بەختیار دەمێکە گلەیی ئەوە دەکات کە بەرپرسانی حزبە دەسەڵاتدارەکان دەستیان بەسەر پارەو پوولی کوردستاندا گرتوەو لە ژێرزەمین و بانکەکانی دەرەوەدا یان هەڵیان گرتوە یان وەبەرهێنانی پێوە دەکەن، بەڵام تائێستاش خۆی لە پۆستی باڵای یەکێتیدا ماوەتەوە! گومان لەوەدا نیە کە خۆشی کەم تا زۆر سوودی دارایی لە پۆستەکەی لەناو یەکێتیدا وەرگرتوە، ئەگەر یەکێک نەبێت لەو ٣٠٠ ملیۆنەرەی کە خۆی ئاماژەیان بۆدەکات!

بەڵام دەکرێ لە دوو لایەنەوە خوێندنەوە بۆ ئەم قسانەی مەلا بەختیار بکەین. یەکەم لەو لایەنەوە کە مەلا بەختیار هیچ گومانی لەوە نەماوەتەوە کە ڕۆژێک دێت سەرانی کوردایەتی دەسەڵاتداری هەرێم بەهۆی ئەو هەموو تاوان و ناهەقیەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوە، دەکەونە بەر شاڵاوی ڕاپەڕینی خەڵک و چارەنوسیان وەکو هەر دەسەڵاتێکی ستەمگەرو نایەکسان و تاڵانچی دەبێت! ئەو دەیەوێ هەر لەئێستاوە فۆرمی پاکانەی خۆی پڕبکاتەوەو نەکەوێتەبەر ئەو دادگاییکردنەوە!

بەڵام ناوبردنی بارودۆخی سەرمایەداری لە کوردستان بە چەتەگەری و پاکانەکردنی

بۆ لاپەڕە ٢

## مەراسیمی ساڵیادی کوشتن و ستایشی قاسم سلێمانی، جێگەی سەرانی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی لە پاڵ ڕژێمی دڕندەی ئێران دژ بە شۆڕشی خەڵکی ئێران دەستنیشان کرد!



## پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری ئێران ئەرکمانە!

عوسمان حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ستایشی جەلادێکی ناوچەییدا!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٤



## ئاخر چۆن ژیان بە"خێرخوازان" بەڕێوەدەچێت!

خەسرەو سایە

لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ڕوداودا، دایکێکی خاوەن سێ منالی ئۆتیزم، لەخیزانێکی کرێکاری، لەبەرامبەر بەرپرسێکی وەزارەتی کاروەدستەبەری کۆمەلایەتی حکومەتی هەرێمدا وتی: "ئاخر ژیان چۆن بەخێرخوازان بەڕیوەدەچێت"!. ئەم قسەیەش تەنها دەربڕینی دەردوحەسرەتی دایکێکی گیرودە بەنەبونی و بێدەرەتانی ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان، نیە، بەڵکو نمونەیەکە لەنارەزایەتی و توڕەیی هەزاران خێزانی کرێکاری، کەڕۆژانە بەڕوی دەسەلات و سیستەمێکدا، دەتەقێتەوە، کە سی ساڵە ژیانی خەلکی کرێکارو

بۆ لاپەڕە ٦

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی....... چەتەکانی کوردایەتی!

سەرمایەداری وەکو سیستەمێکی ئابوری، کە مەلا بەختیار هەولیدا خۆی وەکو شارەزایەکی ئابوری نیشان بدات و تەنانەت بۆ پشتگیری قسەکانی ناوی مارکس بهێنێ، ناتوانێ حەقیقەتی چەتەگەری و تالانچێتی ئەو سیستەمە ئابوریەی مەلا بەختیار برِوای پێیەتی بشارێتەوە، هەربۆیە سەرەرای گلەیی و گازەندەکانی هێشتا ناتوانێ و نایەوێ ریزی چەتەکان و دەسەلاتەکەیان جێبهێلێت.

سەرمایەداری چ لەسەرەتای سەرهەڵدان و کەڵەبوونی سەرەتاییدا چ لە جەوهەری بەرهەمهێنانیداو چ لە مانەوەو درێژەکێشانیدا لەسەر تالانچێتی و چەتەگەری و زەوتکردن راوەستاوە. کەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە لەسەر زەوتکردن و دەستبەسەراگرتنی زەوی جوتیاران و داگیرکردن و بە کۆیلەکردنی خەڵکی رەشپێست و تالانکردنی وولاتان لەلایەن وولاتانی ئەوروپاوە بەئاکام گەیشتوە. جەوهەری سیستەمەکەشی لەسەر دەست بەسەراگرتنی بەشێک لە کرێی کاری کرێکاران راوەستاوەو هێشتنەوەی سیستەم و دەسەلاتی سیاسی سەرمایەش لەسەر سەرکوت و زیندان و کوشتن و شەر و تالانکردن راوەستاوە. مارکس سەبارەت بەکەڵەکەی سەرەتایی سەرمایە لە بەشی یەکەمی کتێبی سەرمایەدا/ چاپەری سێیەم- سەرهەڵدانی سەرمایەی پیشەسازی دەڵێت: "دۆزینەوەی ئاڵتون و زیو لە ئەمریکا، قرِکردن و بەکۆیلەکردن و ناشتنی خەڵکی رەسەن لەناو کانەکانی خەڵوزدا، سەرەتای داگیرکردن و تالانکردنی هندستانی رۆژهەڵات، کردنی ئەفریقا بە جەنگەڵێکی راوکردنی بازرگانی رەشپێستەکان، ئاماژەکانی بەرەبەیانی راژاوەی سەردەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارین. ئەم پرۆسە نمونەییە سەرەکیترین هێزوتوانای کەڵەکەبوونی سەرمایەن".

سەرمایەداری مۆدێرنی دڵخوازی مەلا بەختیاریش هەر بە چەتەگەری و تالان و کوشتار دەستی پێکردووەو هەر بەوانەش درێژەی بەژیانی خۆی داوە! بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لەسەری راوەستین، لایەنی دووەمی ئەم دانپیانانەی مەلا بەختیارە و ئەوەی کە دەبێ بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و مافخوراوی کوردستان چ مانایەکی سیاسی هەبێت و چ بریارێکی سیاسی لێ دەربکێشرێت!؟

ئەم قسەیەی مەلا بەختیار بەڵگەی تاوانباربوونی بەرپرسانی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردایەتیە لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا. ئەوان خۆیان وەکو فەرمانرەواو دەسەلاتدار و حکومەت بە خەڵک ناساندوە. وەکو ئەوەی کە دەبێ بەرێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی خەڵک لەلایەن ئەوانەوەو بە نوێنەرایەتی خەڵک ئەنجام بدرێ. خەڵک دەنگیان بداتێ و وەکو نوێنەری خۆی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری وولات قبوڵیان بکات. وەکو ئەوە قبوڵیان بکات کە خزمەتگوزاریە گشتیەکانیان بۆ دابین بکەن، ئاسایش و ئەمنیەتیان بپارێزن و بنەماکانی ژیانێکی شەرافەتمەندیان بۆ دەستەبەربکەن. بەڵام ئەم دانپیانانەی مەلا بەختیار هەموو ئەوانەی پووچەڵکردەوەو ئەوەی سەلماند کە ئەم حزبە دەسەلاتدارانەی کوردستان بێجگە لە مشتێک چەتەو رێگر کە بەزەبری چەک و میلیشیا داهاتی خەڵک تالان دەکەن هیچی تر نین!

ئەم راگەیاندنەی مەلا بەختیار، واتە دانپیانانی یەکێک لە بەشداربوانی ئەو دۆخەی کە ئەم چەتانەی بەرهەم هێناوە! بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ دەرکردنی حوکمی راماڵینی ئەم دەسەلاتە چەتەگەر و تالانچیە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە. لەلایەن ئەو خەڵکەوە کە دەیان دەردیسەرو کارەساتیان بەسەرهاتوە بەهۆی ئەم حزب و هێزانەوە کە ئێستا بوونەتە چەتە بەسەریانەوە. دەبێ نەک هەر لەسەر ئەو چەتەگەریەی ئێستایان، بەڵکو لەسەر هەموو ئەو کارەساتانەشی کە بەسەر خەڵکیاندا هێناوە، لەسەر ئەو هەموو گەنجانەی کە کرانە قوربانی بۆ ئەم رۆژە رەشەی ئێستا، لەسەر دەورونەخشیان لە بیانوو دانە دەست رژێمی درندەی بەعس بۆ ئەنفال و کیمیابارانکردنی خەڵک، لەسەر نۆکەرپیشەییان بۆ وولاتانی کۆنەپەرستی ئێران و تورکیا، لەسەر شەرەکانی نێوان خۆیان و بەکوشتدانی سەدان و هەزاران گەنج و...تاد. دادگایی بکرێن و سزای تاوانەکانیان وەربگرن. ئەوانە نابێ فەرمانرەوا و دەسەلاتداربن بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە، بەڵکو جێگایان زیندانە.. ئەگەر جەماوەری خەڵک دەسەلاتی بەدەست بێت ئەوا جێگای چەتە زیندانە نەک دەسەڵات!

☆

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email:
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی:
**خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
رێکخراوی دەرەوە:
**دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
oct.1917@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری ئێران ئەرکمانە!

عوسمان حاجی مارف

گەر ئەو هەلومەرجە بە فەرمی بناسین کە هەرئێستا کۆمەڵگەی ئێران لە بەرامبەر هەلومەرجێکی تازەی جدی و ئاڵوگۆڕێکی پڕ کاریگەر بەرەورووە، لەهەمانکاتدا ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی بەو مانایە پێشبینی لێدەکرێت کە کۆتایی کۆماری ئیسلامیە، پێویستە سەرنج و هەڵوێستەو کاریگەری و هەڵسورانی پێشڕەوانە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا لە بەرچاو بگیرێت و کاری لەسەر بکرێت، کە لە راستای بەرژەوەندی بەدەستهێنانی ئایندەی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران هەنگاو بنرێت.

لەوانەیە سەبارەت بە خرۆشانە جەماوەریەکانی ئەم ماوەیە، بەدوای نزیک بە چوار مانگ لە بەردەوام بونیدا، وەها بێتە پێشچاو کە ئەو هەڵمەتانەی سەرەتا دەبینران لە خرۆشانی بەرفراوان و سەراسەری کە تەواوی شارەکانی ئێرانی شڵەقاندبوو، پاشەکشە بەنارەزایەتیە جەماوەریەکان کرابێت، هەڵبەتە لە سیمای کەمبونەوەی جۆری خۆپیشاندانەکاندا ئەوە دەبینرێت کە لە یەک ڕۆژو لە یەک کاتدا، ئەوە ئاشکرایە کە لە زۆربەی شارەکاندا پێکەوە نمایشی نارەزایەتیەکان نابینرێت، ئەم حاڵەتە هەر جۆرێک بێت لە وێنایەک بۆ لێکدانەوە لە جۆری نمایشی نارەزایەتیەکان، بەڵام ئەوەی ڕەچاودەکرێت هیچ پەیامێکی وەهامان پێ ڕاناگەیەنرێت کە پاشەکشە لە بڕیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامی کرابێت، بەڵکو بە هەر سەرکوت و فشارێکی سەرسەختانە کە دادگاو هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە رفاندن و گرتن و پەلامارو کوشتن و سێدارە ئەنجامی ئەدەن، خواست و هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئاستەکەی ڕۆژبەدوای ڕۆژ بەرەو باڵاتر هەنگاو دەنێت و ئایندەی کۆتایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نزیکتر دەخاتەوە، لەهەمانکاتدا شێوازی جۆراوجۆر لە خەباتی جەماوەری لە ڕۆژانی ئایندەدا خۆیمان نیشان ئەدات.

بە ڕووبەڕووبونەوەی هەر سەختی و بارگرژیەک لە چۆنیەتی دۆخەکەو پەرچەکردارێک دەسەڵاتی سیاسی دەینوێنێت، لە ساتەوەختێکی گونجاودا ئیمکانی تەقینەوەی بەرفراونی جەماوەری ئەرکی ئەو کۆتاییهێنانەی کۆماری ئیسلامی بەئەنجام دەگەیەنێت.

واتە کۆتایی و مەرگی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک لە ناواخنی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی تەواوی دانیشتوانی ئێراندا بۆتە پرۆسەیەکی عەمەلی ڕاگەیەندراو، بەهیچ جۆرێک پاشەکشەو گەرانەوەی تیا بەدی ناکرێت.ئەوەش جێگای سەرنجە لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەی ئێران چۆتە قۆناغێکی تازە لە هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی ڕۆڵ و ئیرادەو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دیاریکرنی چارەنوسی خۆیدا، بۆ بەدەستهێنانی ئیرادەیەکی شۆڕشگێرانە لە پراکتیزەکردنی ئیرادەی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ڕەوتێکی پێشبینیکراوی هەنگاوەکانی ڕێرەوی نارەزایەتیەکان و چۆنیەتی خرۆشانەکانە، کە هیچ هێزێکی سیاسی ناتوانێ بەئاسانی و بە ڕەهایی، بەبێگەرانەوە بۆ ئیرادەودەوری خەڵک ئاوێزان بێت بە نارەزایەتیەکانەوە بۆ بڕیار دان لەسەر ئایندەی ئێران.

دەرککردن بەم پرۆسەیە لە چەسپاندنی ئیرادەو دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، لایەنێکی ئەرێنی و ئومێدبەخشە و دۆخێکی لەبارە بۆ هەر لایەنێکی یەکسانیخوازو ئازادیخواز گەر لە ڕێرەوی خەباتی سیاسیدا ئیرادەی خەڵک بۆ دەوری لە دەسەڵاتی سیاسی و بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیدا بەرەسمی بناسن و بە ئەسڵ وەریبگرن، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت بۆ ڕێکخستن و رابەریکردنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان و سەرکەوتنی ئەو خرۆشانە جەماوەریە بەرەو شۆڕشی کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران بە ڕێرەوی دەستپێشکەری هاتنەمەیدان و چەسپاندنی رۆڵی دەسەڵاتی شوراکان لەباری عەمەلیەوە هەلومەرجێکی گونجاو و لە بارو ئەرێنیە.

لەلایەکی تریشەوە مەسەلەیەک کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین،واقعیەتی بونی چەند لایەنێکی ترە لەنەگونجان و قەبوڵ نەکردنیان بە پرۆسەی پێشرەوی جێگاورێگای ئیرادەو دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، کە وەک پەرچەکردارێک لە هەوڵی خالیکردنەوەو بەلارێدابردنی نارەزایەتی و خرۆشانە جەماوەریەکانن، لە ڕێگای هەوڵدان بۆ نیشاندانی هێزی تایبەتی سەرو خەڵکی و دوور لە بەرژەوەندی گوزەرانی خەڵک و بەکارهێنانی خرۆشانە جەماوەریەکان، کە ئاکامەکەی بە قازانجی باڵێکی ترە لە بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی بۆرجوازی لە ئێراندا، یان بۆ پاشکۆبون و بەکارهێنانی بەرژەوەندی دەخالەتی هەر وولاتێکی سەرمایەداری زلهێزی دنیا کاری لەسەر دەکرێت.

هەرئێستا لە مەیدانی بارودۆخی سیاسی ئێراندا بە هەر ئاستێک لە دەرکەوتەی چۆنیەتی خرۆشانە جەماوەریەکاندا، وولاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاواو دەوڵەتی ئەمریکا،

دەبینین چاودێریەکی بە پەرۆشی دۆخەکە دەکەن و باش دەزانن ئالۆگۆڕەکان لە ڕێگای دەورو کارکردی چونە پێشەوەی خرۆشانە جەماوەریەکان و کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی بە دەورو ئیرادەی خەڵک، پێشبینیەکی واقعیەو ڕودانیشی ئەگەرێکی جدیە، بۆیە لە بۆچونی بەرژەوەندی ئەو هێزانەوە گەر ئەو ئاراستە جەماوەریە، پێشی پێ نەگیرێت و بەلاڕێدا نەبرێت، سیستمی سەرمایەداری و دەورو دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخاتە بەردەم مەترسی پاشەکشەو کارەساتێکی گەورەوە.

بە مانایەک چەندە هێزە ناسیۆنالستە توندرەوەکان و فاشست و کۆنەپەرست و وولاتانی ئیمپریالی.. درک بەو مەترسیە دەکەن لە بەرامبەر خرۆشانی جەماوەری ناڕازی ئێراندا، بەوەی سیمای ڕۆڵی ژنان و ڕادیکاڵبون و دژی ئیسلامی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئالای یەکسانخوازی و یەکریزی تەواوی دانیشتوانی ئێران و ئاسۆی ژیانێکی باشتری لە خۆی نیشان ئەدات، چارەنوسی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو قوناغێکی یەکلاییکەرەوەو هەڵگیرسانی کڵپەی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی دەبات، لەهەمانکاتدا پێویستە هێزی ئازادیخوازو یەکسانیخواز و بزوتنەوەی ڕزگاری و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، درک و هۆشداری تەواویان هەبێت بە مەترسی هەر دەخالەت و پلانێکی دژ بە ڕۆڵی خەڵک و بە جدی لە بەر چاوی بگرن و مامەڵەی کەن و پوچەڵی کەنەوە. چونکە لەگەڵ ئەوەی دۆخەکە هەلومەرجی شۆرشگێرانەی فەرهەم هێناوە، ئاشکرایە ئاواڵەیی سیاسی بە جۆرێک کراوە دەبێت، هەلی گونجاو بۆ دەورو دەخالەتی هێزی دەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆییش دەکاتەوە کە لە هەوڵی ئەوەدا دەبن ڕێرەوی ڕوداوەکانی بە زیانی خەڵک و راگرتنی گۆشەگیری و وەلاخستنی دەورو دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک بە شێوازی تر لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی سەرو خەڵکی دوبارە بکەنەوەو جارێکی ترو بۆ چەندین ساڵی تر بێئیرادەیی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بسەپێننەوە.

ڕوبەڕوبونەوەی ئەم مەترسیە پێویستی بە ئامادەیی و ڕێکەوتن و کاری هاوبەشی هێزە ئازادیخوازو ڕادیکال و کۆمۆنیست و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ئینساندۆستانە لە پاڵ جەماوەری ناڕازیدا پەیگیرانە هەنگاو بنێن و ئامانج و ئاسۆی خواستی جەماوەری ئێران بەسەرکەوتن بگەیەنن.

# سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ستایشی جەلادێکی ناوچەییدا!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

بەبۆنەی سێ ساڵ تێپەڕین بەسەر تیرۆرو کوشتنی قاسم سولەیمانی لەلایەن ئەمریکاوە، لە بەشیک لە شارەکانی عێراق و کوردستان مەراسیم سازکرا. لەو مەراسیمانەدا زۆربەی زۆری سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی سەرانی یەکێتی نیشتیمانی، کەوتنە ستایشی ڕۆڵی قاسم سولەیمانی. وەکو فریشتەی دژە داگیرکاری، قارەمانی وەستانەوە بەرووی تیرۆر، سەروەری ئاشتی، ئەندازیاری پاراستنی عێراق، ڕۆڵەی ئازای دژە داعش...تاد.

ئەو هەموو ستایش و پیاهەڵدانە بە سەرە تیرۆریستێکی ناسراوی ئێرانی و ناوچەیی، وەکو چاوپۆشیکردن لە چەندین دەهە لە ڕۆڵی دژە ئینسانی و ئینسانکوژی قاسم سولەیمانی و بەوێنەی سەرە تاوانبارێکی تیرۆریستی ناوچەیی، تەنها لەو ئینسانە بچوکانە چاوەڕوان دەکرێت، کە خولیای نۆکەرپیشەیی بۆتە تایبەتمەندییەکی جێکەوتویان.

قاسم سولەیمانی بە گەواهی ملیۆنەها ئینسان، ڕەمزی سەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئێران و کوردستان، ڕەمزی هێرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ڕەمزی دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی ولاتانی ناوچەکە لە عێراق و کوردستانەوە بۆ سوریا و لوبنان، و یەمەن و غەزە، لیبیا... ڕەمزی پێگەیاندنی دەیان گەورە مۆرەی تیرۆریست. ڕەمزی هێرش بۆسەر نەیارانی سیاسی و نەخشە داڕێژەر بۆسەدان و هەزاران کردەوە تیرۆریستی. ڕەمزی کوشتاری ئینسان. ڕەمزی بەرگری لە ناشیرینترین و دڕندەترین رژیمی ئیسلامی لەمێژووی هاوچەرخی دنیادا. ڕەمزی بەرگری لە خێڵی مەلای دەسەڵات بەدەست لە ئێران و ناوچەکەدا و ڕەمزی ئیستراداکردنی گرووپی تیرۆریستی و هاوکاریکردنی گرووپە ئینسان کوژەکانی ئیسلام لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بووە.

ئەم سەرە تاوانبارەی ئیسلام و دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێران، نەک جێگای ستایشی هیچ ئینسانێکی ویژدان زیندووی ئازاد، نییە، بەڵکو وەبیرهێنەرەوەی کێوێک لەتاوان و ئەو روباری خوێنەیە کە قاسم سولەیمانی لە ناوچەکەدا ڕۆڵی بەرجەستەی لە دروستکردن و خولقاندنیدا، بووە.

سەرانی بزوتنەوەی

کوردایەتی بەو ستایشەی دەربارەی قاسم سولەیمانی کردیان، جارێکی تر گریانی تاڵەبانیان لەسەر گۆڕی خومەینی جەلادی شۆرشی ئیران و ئازادیخوازی، وەبیرهێنایەوە. ستایشی سەدام حسێنی چنگ بەخوێنی خەڵکی عێراقیان لەلایەن سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە نیشاندایەوە کە دەیان وت سەدام حسێن دوژمن نییە، ئەندازیارە. جارێکی ستایشی پەیرەوانی ئەتاتورک و تۆرکۆت ئۆزالیان نمایش کردەوە کە سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە وەسفیدا، بێڕکەبار بوون.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی ئێستا و ئەوانەیان لە مەراسیمی سێ ساڵەی کوشتنی قاسمیدا، ستایشی سەرە جەلادی ئازادی و ئینسان و ئازادیخوازیان کرد، نیشانیاندایەوە رۆڵەی بەوەفای سەرانی پلەیەکی بزوتنەوەی کوردایەتین کە سەرانی دەوڵەتانی فاشیستی ناوچەکەیان لە خومەینیەوە بۆ سەدام حسێن و تۆرکۆت ئۆزال بەدۆست و پشت و پەنای خەڵکی زوڵملێکراوی ناوچەکە و کاراکتەری ئاشتی دەزانی و خەڵکی کوردستانیشیان بە درندەیی ئەوان دەترساند.

ستایشی قاسمی سولەیمانی تیرۆریست، و سەرانی تری چنگ بەخوێنی دەوڵەتەکانی تر، بەڵگەی ئاشکرای ناتەبایی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتییە بەهەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو ئینسان دۆستانە. خەڵکی ئێران و ناوچەکە کە باش کارنامەی قاسم سلێمانیەکان دەزانن، ئاواش لە پەیامی ستایش ئامێزی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ جەلادی ئازادیخوازی بە ئاگان.

ئامانج لە ستایشی قاسم سلێمانی، بۆ سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی ، نوێکردنەوەی پەیمانی وەفادارییە بۆ ئیران و پێداگرییە لەسەر درێژەدانیان بۆ عادەت پیشەییان. وە هاوکات بەڵێندانە بە روبەرووبونەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری لە ئیراندا لەپاڵ ئاخوندو سوپاو بەسیجیەکاندا، کە هەر ئیستا رژیمی جمهوری ئیسلامی کەوتۆتە بەردەم سێڵاوی راماڵینی جەماوەرییەوە.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە سەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران زۆرتر ستایشی قاسم سلێمانیان کرد، تا لە رێگای ئەو ستایشەوە، سۆزو رەحمی ئاخوندەکانی ئیران بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان لەدەست تورەیی جەماوەری کوردستان بپارێزن، بەڵام ئەمجارە لە کاتێکدا ئەم ستایشەیان کرد، کە جمهوری ئیسلامی خۆی لەسەر لێوار قەبرە.

مانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەو دژە ئازادیی بۆرژوازی کورد، بەجیا لە هێزی میلیشیایی و دەست بەسەراگرتنی داهات و قوتی هاوڵاتیان، بەندە بە خۆبەستنەوە بە جەمسەر و وڵاتانی ناوچەکەوە... یەکێتی بە ئێران و پارتی بە تورکیاوە. ئێران و تورکیاش چاویان لە پاداشتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە کە بەسەنگەرگرتن لە ئازادی و ئازادیخوازی، بە وەستانەوە بەرووی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لەوەش واوەتر بە چاوساغیان بۆ شوێن هەڵگرتنی کادر و چالاکوانانیان و تیرۆرکردنیان.

لیستی سەدان کادر و هەڵسوڕاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و تورکی، بەبێ چاوساغی و نۆکەر پیشەیی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەکراوە. درۆنەکان لە قوڵایی کوردستاندا بە چاوساغی و هاوکاری سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەزگای هەواڵگرییەکانیان، رابەران و کادرانی ئۆپۆزیسیۆن دەکەنە نیشانە.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی تەنها بەوەوە ناوەستن و لەوە دەچێت وڵاتانی ناوچەکەش تەنها بە نۆکەرپیشەیی و چاوساغیان بۆ روبەڕووبونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن رازی نەبن، بۆیە ستایشیان ئەوێت بۆ جەلادەکانیشیان... بۆیە ستایشی قاسم سولەیمانی ستایشی کوشتاری ئازادیخوازییە. ئەوانەی ستایشی جەلاد دەکەن، رۆڵەی بەوەفای کوشتنی نەیارانی جەلادیشن.

چینی کرێکار و جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لە راستای خەباتیاندا بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، چاوی ئومێدیان بڕیوەتە بزوتنەوەی رووڵەپێشی کرێکاریی و جەماوەری لە ئێران، کە ئەمجارە کۆتایی بەدەسەڵاتی نەنگینی سەرمایە لە ئیران بهێنێت و لەبەرامبەریشدا بۆرژوازی و دەسەڵات لە کوردستان و ئێراندا، چاوی ئومێدیان لە یەکترییە دەست بخەنە ناو دەستی یەک و بزوتنەوەی کرێکاریی وجەماوەری بە هاوکاری یەکتری پاشەکشە پێ بکەن و بەر بەشۆرشی برسییەکان بۆ نان و خوازیارانی ئازادی، بۆ کۆمەڵگەی ئازاد... بگرن.

سەرانی کۆنەپەرست و دژە ئازادی، لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایە بن، خاڵی هاوبەشیان ناشاردرێتەوە. سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ سەرانی دیکتاتۆر و وڵاتانی ناوچەکەو دنیا، هاوچارەنووسن و هاوکات پشت و پەنای یەکترین بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتیان. بۆ هۆکاری ستایشی قاسم سولەیمانی جەلاد، دەبێ لە پەیامی هاوچارەنووسی و هاو رەفتاریاندا، بگەڕێین.

**سەرەتای جەنیوەری ٢٠٢٣**

**وەستانەوە دژی سەرکوتگەریەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران و پشتیوانیکردن لە خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران ئەرکی هەر بزوتنەوەو هێزێکی سیاسی شۆڕشگێڕو ئازادیخوازو یەکسانیخوازە!**

# دریژەی... ئاخر چۆن ژیان بە"خێرخوازان" بەڕێوەدەچێت!

خەسرەو سایە

زەحمەتکێش دەهاڕێ.

دەسەڵات و سیستەمێک کە لەپێناو کۆکردنەوەی سەرمایەو پڕکردنی گیرفانی بەرپرسانی حزبی و حکومی و خاوەن کۆمپانیاکاندا، دۆخێکی ئەوپەڕی مەینەتباری بەسەر کۆمەڵگادا داسەپاندووە.

"لیقاء" دایکی سێ منداڵە ئۆتیزمەکە دەڵێت: "دۆخمان زۆر خراپە، زۆر ماندووین لەگەڵ منداڵەکان، ئێمە کرێچین، لەبەر ئەو منداڵانە هەر شەش حەوت مانگێک جارێک لە خانوو دەردەکرێم، چونکە دراوسێکان بە جووڵە و دەنگەدەنگی منداڵەکان بێزار دەبن، ئێستا ئاگادارکراومەتەوە کە دەبێ مانگی شەشی داهاتوو باربکەم." لیقاء هەستەکانی خۆیی بۆ کۆنترۆڵنەکرا و بەگریانەوە دریژەی بەقسەکانی داو گوتی، "باوکی منداڵەکانم کرێکاری فرنە و نەخۆشی دڵی هەیە و هیچ مووچەیەکمان نییە، تەنها ئەوە نەبێت ڕۆژانە بە ٢٥ هەزار دینار کاردەکات. مانگانەش دەبێ ٣٥٠ هەزار دینار کرێی خانوو بدەین و حکومەتیش هیچ کۆمەکێکمان پێناکات. سەرەڕای ئەوەی چەندینجار سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکان و سەنتەرەکانی ئۆتیزممان کردوە.. من نازانم حکومەت چ کارەیە؟ ئاخر چۆن دەبێ حکومەت ئاوابێت؟ ئاخر تاکەی چاو لەدەستی خێرخواز بین؟ هیچ نەبێ با منداڵەکانم وەک منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتی حسابیان بۆ بکرێت، تەنانەت بە شێت هەژماریان بکەن. ئەم گریانەم بۆ حاڵی خۆم نییە بەتەنیا، بۆ هەموو ئەو خێزانانەمە کە وەکو ئێمە وان."

بەهەمانشێوە کرێکارێکی ژینگەپارێزێکی دیکە لە حاجیاوا کە ئەویش خاوەنی سێ منداڵی ئۆتیزمە دەڵێت: ژیانمان لەوپەڕی سەختیدایە، ئەگەر هاوکاری خێرخوازان نەبێت بەڕێوەناچین، مووچەکەشم ٣٣٥ هەزار دینارە و بەشی هیچ ناکات. منداڵەکانم دەبێت بەردەوام داێبیان پێوەبێت، خۆیان پیس دەکەن، پارچەیەک دایبی بە١٣ هەزارە و دەبێت زوو زوو بیکڕم. "

قسەکانی ئەم دایک و باوکە، ئاماژەیەکی ڕۆشنە بۆئەوەی سیستەمێک لەکوردستاندا لەسەرکارە، کەهیچ بەرپرسیارێتیەکی بەرامبەر بەژیانی هاوڵاتیانی خۆی لەئەستۆ نەگرتوە. تەنانەت حکومەت و وەزارەتەکانی تا ئەو جێگایە بونیان هەیە کەچۆن باری گرانی و نەبوونی بەسەر شانی خێزانە کرێکاریەکاندا بشکێنێتەوەو زەمینەکانی کاری هەرزان لەبەردەم سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکاندا، دابین بکەن، تا هەرچی زۆرترە، لەسەرحسابی حەسرەوت و بێدەرەتانی ئەم چینە تالانچیە سەرمایە کەڵەکە بکەن.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیانەش با سەرنجێک لەو ئامارانە بدەین کە لەدەمی بەرپرسانی وەزارەتی کار خۆیەوە داکەوتوە:

بریکاری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ئاشکرا کردوە کە "ئامارەکانی منداڵانی گیرۆدە بە ئۆتیزم، تائیستا نازانرێت، بەڵام تائیستا ١٥٠٠ منداڵی ئۆتیزم لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمارکراوە". ئەمە لەکاتێکدایە تەنها لە شاری دهۆک لەیەکێک لەسەنتەرەکانی ئۆتیزمدا هەزار و لەدەڤەری ڕاپەرینیش ٢٠٥ منداڵی ئۆتیزم تۆمارکراوە، بەمجۆرەش بێت ژمارەی منداڵانی ئۆتیزم لەئاستی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لەدووهەزار تێدەپەڕێنێ.

لەبەرامبەر ئەم ژمارەیەدا بریکارەکەی وەزارەتی کار، ڕایگەیاند کە: "لە هەرێمی کوردستاندا ٢٨ سەنتەری تایبەت بەراهێنانی منداڵانی ئۆتیزم هەن، کە ٢٥ یان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبەن و تەنها سێ دانەیان حکومین و لەهەریەک لەشارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دەستبەکارن". ئەمە لەکاتێکدایە کە سەنتەرە ئەهلیەکان ساڵانە بۆ هەر منداڵێک سێ ملیۆن دینار وەردەگرن و لەسەنتەرە حکومیەکانیشدا، کە ژمارەیەکی زۆر لەمناڵانی ئۆتیزمیان تێدا کۆکراونەتەوە، لەگەڵ گرفتی نەبوونی کارمەندو بیناوجێگەی گونجاو و پێداویستیەکانی ڕاگەیشتن بەو مناڵانەی کە لە هەرسێ سەنتەرە حکومیەکەدا هەن، وایکردوە کەهەم خزمەتێکی پێویست بەمناڵەکان نەکرێ و دایکان و باوکانیشیان ناچار ببن کە منداڵەکانیان ببەنەوە ماڵەوە ئەرکو زەحمەت و مەسرەفی منداڵەکانیان بگرنە ئەستۆ، وەیا بەناچاری ڕوو لەسەنتەرە ئەهلیەکان بکەن!

کاتێکیش کە"لیقاء" دایکی سێ منداڵە ئۆتیزمەکە یەخەی بریکارەکەی وەزارەتی کاری گرت و پێی وت: "کە بۆ موچەو هاوکاریەکمان ناکەن، بۆچی سەنتەر بۆ مناڵەکانمان ناکەنەوەو خزمەتیان پێشکەش ناکەن، ئاخر خۆئێمە خوازیاری ئەم دۆخەنین و ئەی حکومەت کاری چیە؟" لەوەڵامدا ئەو بەرپرسەی دەسەڵات وتی: "حاڵەتەکانی ئۆتیزم لەکوردستان تازەیەو ئێمە کارمەندی پسپۆڕمان نیە و ناتوانین سەنتەر بکەینەوە"، هەروەها وتی: "حکومەت بودجەی لەبەردەستدا نیەو بەهۆی قەیرانی داریەوە پارەی تەرخانکراو بۆ ئەم بوارە ناتوانێ دابین بکات و هەربەم هۆیەشەوە ناتوانین مانگانە پشتیوانی دارایی بەخێزانەکانیان بدەین"..

ئەم پاساوەی بریکارەکەی وەزارەتی کار، بەئەقڵی هیچ ئینسانێکی سادەدا

ناچیت، ئاخر بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی ئەهلی دەتوانن لە٢٨ سەنتەر ٢٥ی بکەنەوە و سالانە بۆ هەر منداڵێکی ئۆتیزم پارە وەربگرن! بۆ دەتوانن بیناو پێویستیەکانی کارەکانیان بەکواڵتیەکی گونجاو دابین بکەن، تەنانەت بۆ سەنتەرێکی ئەهلی بتوانێت کارمەندی پسپۆڕ لەئەردەن و تورکیاو ولاتانی ئەوروپییەوە بهێننە کوردستان و کاریان پێبکەن، بەلام حکومەتێک کەسی ساڵە داهاتی ئەم ولاتە هەڵدەلوشێت، نەتوانێ وەک ئەوان هەنگاو بنێ! لەمەش زیاتر هەرئێستا لەکوردستان چەندین زانکۆ هەیە و بەدەیانهەزار دەرچوی بوارەکانی پزیشکی، کۆمەلناسی، دەروونناسی و پسۆڕ لەبوارە جیاجیاکاندا، زانکۆ و پەیمانگاکانیان تەواکردوەو بێکار لەماڵەوە راگیراون، بۆ ناکرێ ئەم هێزە گەنج و خوێندەوارو ئامادەبەکارە راهێنانیان پێ بکرێ و ئامادەبکرین تا ئەو بۆ شایەی کە لەنەبونی کارمەندی شارەزادا هەیە پێی پڕ بکرێتەوە!. بۆ ناکرێ ئەم ئینسانانە هەم لەبێکاری دەربکێشرێن و هەم بخرێنە خزمەتی منالانی ئۆتیزمەوەو باری خێزانەکانیان لانی کەم سوک بکرێتەوە!. لەکاتێکدا ئەوە ئەرکی هەر حکومەتێکە کە بەرپرسیاریتی لەبەرامبەر هاولاتیانی ژێردەستیدا لەئەستۆ بگرێ.

تا ئەوجێگەیەی بە نەبونی داهات و بودجەش دەگەڕێتەوە، بریکارەکەی وەزارەتی کارودەستەبەری کۆمەلایەتی، درۆیەکی شاخدار دەکاو تەنها بۆ راپێکردنی ئەو رەخنانەیە کەخەلکی نارازی کوردستان رۆژانە لەسەر مەسەلەکانی ژیان و بژێوی و خزمەتگوزاریەکان رووبەڕووی دەسەلاتدارانی دەکەنەوە. ئەگەر دەلێن بودجە لەبەردەستدا نیە، ئەی بۆچی کۆمپانیاکان و سەرمایەداران و خاوەن پڕۆژەکان، کە بەشی هەرەزۆریان لەبەرپرسانی حزبی و حکومی پێکهاتوە، رۆژانە خەریکی گیرفان پڕکردنن و بۆ یەک چرکەش کاریان رانەوەستاوە؟. تەنانەت ئەگەر بودجە لەبەردەست حکومەت نیە ئەی داهاتی نەوت و گومرگەکان و ئەو هەموو باجگیریەی لەسەر خەلک دانراوە بۆکوێ دەچێت؟ ئەی پارەی ئەو سێ سەد ملیۆننەرەی پارتی و یەکیەتی و گۆران وەک سێ حزبەکەی ناودەسەلات، وەک مەلابەختیار ئاماژەی پێداوە، لەکوێوە بەدەستهاتوە!؟ لەمەش زیاتر مەسروفاتی دەزگا میدیاییە زەبەلاحەکەنی ئەم حزبانەو هێزی چەکدار و هەمو ئەو تەخشانو پەخشانەی کە بەناوی نەسریەوە، سەرۆکایەتیەکانی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانتاران بەچی و لە چ داهاتێک دابین دەکرێ!؟ راستیەکەی ئەوەیە کەقسەی بەرپرسان "لەنەبونی بودجە بەهۆی قەیرانی داراییەوە"، تەنها بۆ خۆدزینەوەیە لە وەلامدانەوە بە خواستەکانی خەلکی هەژارو کەمدەرامەت و پاساوێکە بۆ راگرتنی خێزانە کرێکاری و زەحمەتکێشەکان لەنەبونی و بێکاریدا، ئەگینا ئابوری کوردستان گیرۆدە نیە بەکەمی سەرمایە، بەلکو ئەوە حکومەت و دەسەلاتە، وەک هەر دەسەلاتێکی تر کە لەخزمەتی چینی سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیاکاندایە، بیانو دەهێنێتەوە، تا هەژاری و نەداری وەک سیاسەتێکی بەردەوام داسەپێنێ و ئاسەوارەکانی "قەیرانی دارایی" بەسەر شانی هاولاتیاندا بشکێنێتەوە.

بەلام ئەم دۆخە بۆ وایە؟

ئەحزابی بۆرژوازی کورد بەدەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە هەرهەمویان لەسەر ئەوە هاوڕان کە بازاڕی ئازاد و سەرمایەداری، مۆدێلێکی گونجاوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەلگا و بۆ ئەمەش سیستەمێکی ئابوری وایان دامەزراندووە، کەوەزیفەی سەرەکی ئەوەبێت، هەلومەرجی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی قازانجی سەرمایەداران لەسەر حسابی چەوسانەوەی هەرچی زۆرتری هێزی کاری کرێکاران و رەنجی زەحمەتکێشان دابین بکەن، هەلتۆقینی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی و پێدانی مافی تەواو پێیان کەچۆن بخوازن ئاوا کرێکاران و هێزی ئامادەبەکار بخەنە بەرکارەوە، بەبێ ئەوەی کەمترین مافو ئیمتیازاتیان بۆ بەرەسمی بناسێنن، ئامانجی سەرەکی ئەم سیستەمەیە. حکومەتیش ئەرکە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە چۆن بتوانێت هاوکاری کۆمپانیاکان و سەرمایەداران بکەن تا بەئارەزوی خۆیان کرێکاران بڕەتێنن.

لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی بەتایبەتیکردن و باجگیری حکومەت و هەراجکردنی کەرتی خزمەتگوزاریەکان، لەبەردەم کۆمپانیاکاندا، نەک هەر ئەرکەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان، لەوانەش خزمەتگوزاری تەندروستی، هەنگاو بەهەنگاو هەلوەشاندۆتەوەو تاهاتووە خۆی لێدەدزێتەوە، بگرە حکومەت خۆی لەژێرناوی سیاسەتی باجگیریدا، بەهەزارویەک شێوە دەستی بۆ راوڕوت بردوەو چاویشی بڕیوەتە سفرەی خالی خێزانە کرێکاری و کەمدەرامەتەکان، تا بەیەکجاری هەلی لوشێت. هەلوەشانەوەی دامەزراندنی مەرکەزی، سەپاندنی سیستەمی پەیمانکاری و کاری موەقەت، فرۆشتنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، کارەبا، پەروەردەو زانکۆکان، ئاو، بازرگانی مەوادی خۆراکی، هاتوچۆ وگەیاندن و..هیتر بەکۆمپانیاکانی کەرتی ئەهلی، نەدانی موچەی ناچیز بەخاوەن پێداویستیەکان و گەلێک هەنگاوی تر بەرئەنجامی ئەوسیاسەتە چاکسازیەیە کەحکومەتی هەرێم بۆ رەتاندنی خەلکی کەم دەرامەت و داشکانەوەی قەیرانی ئابوری بەسەر هاولاتیاندا گرتویەتیەبەر.

لەکۆمەلگای کوردستاندا کە لەسەر دەریای نەوت خەوتووە و رۆژانە بەسەدان ملیۆن دولار لە ناردنەدەرەوەی نەوتدا کۆ دەبێتەوە، هاوکات لەداهاتێکدا کە لەبازرگانی و گومرگەکان و باجەکانەوە بەدەستدێت، دەتوانرێت، نەک هەر مانگانە

⇨ کۆمەکی ١٥٠ هەزار دینار بۆ خێزانەکانی منالانی ئۆتیزم دابین بکرێ، و لەسەنتەرەکانی ئۆتیزمدا ڕاهینان بکرێن و چارەسەر وەربگرن، بەلکو دەکرێ و لەتوانادایە، کەسانێک لەخێزانەکانیان وەک چاودێرو سەرپەرشتیار بەکارمەند دابمەزرێنرێن، تەنانەت دەکرێ لەو داهاتە زۆروزەبەندەی کە دەکەوێتە دەستی مشتێک لەخاوەن کۆمپانیاو بەرپرسانی حزب و حکومەتەوە، کارمەندی پسپۆڕ لەولاتانی ترەوە بهێنرێن و کادری ناوخۆ لەو زانکۆ وپەیمانگاکانی پێ ڕابهێنرێ و بۆ خزمەتکردنی مندالانی ئۆتیزم بخرێنە خزمەتەوە.

بەڵام دیارە لەحکومەتی سەرمایەداران و کۆمپانیا چاوچنۆک وتالانچیەکان، هەرئەوە ڕەچاودەکرێ کە ئامارەکان پێیان نیشانداین، هەربۆیە دەبێ بەخەبات و تێکۆشانی خیزانە کرێکاریەکان، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی منالانی ئۆتیزمیان هەیە، ئەم دۆخە پێچەوانە بکرێتەوەو سنورێک بۆ ئەو حەسرەتو زەحمەتەی لەسەر شانیانە دابنرێت. کۆبوونەوەی خیزانە کرێکاریەکان و هەموو ئەوانەی کە منالانی ئۆتیزمیان هەیە لەدەوری یەکترو پاشان گەڵاڵەکردنەوەی داخوازیەکانیان و ڕاوەستان لەپاڵ جولانەوەی جەماوەری بۆ بەدەستهێنانی نان و کارو خزمەتگوزاری ئەتوانێ هێزیکی گەورە بێت دەسەڵاتداران ناچار بکات بەملدان بەداخوازیەکانیان.

حکومەتی هەرێم حکومەتی سەرمایەدارانە و هیچ چاوەڕوانیەکی لێناکرێت لەوەی دەیکات و کردویەتی، بۆیە خەباتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵات و سیستەمە، تەنها ڕیگای ئاڵوگۆرپێدانی ڕیشەیی ئەم دۆخەیە. ڕێگایەکە کە دەسەڵات و داهاتی کۆمەلگا بخاتە نێودەستی جەماوەرەوەو بۆخزمەتی هاولاتیان بخرێتە کارەوە و ئیتر دایکانی ئۆتیزم و هەموو ئەوانەی کەبەدەست بیکاری و گرانی و نەبونی خزمەتگوزاریەکانەوە دەناڵێنن چیتر بەحەسرەتی ڕۆڵەکانیانەوە بەدیار خێرو سەدەقەی دەوڵەمەندانەوە ژیان نەکەن.

٩/١/٢٠٢٣

## چەند بەش لە بەڵگەنامەی" کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە!" پەسەندکراوی کۆنگرەی(٥)ی حزب

– دوای سی ساڵ دەسەڵاتدارێتی بورژوازی کورد، خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە بە نرخێکی گران و لە ئاستێکی فراواندا خۆیان لەژێر گوشاری پڕوپاگەندە و بەڵێنە فریوکارانەکانی ئەم دەسەڵاتە دەرهێناوە. پێ بەپێی ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی بەم دەسەڵاتە، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەدژی ستەمکاری و بێدەربەستی دەسەڵات، دەستی بە بزوتن و نەشونما کردوە. ئەمڕۆ نەفرەت و تورەیی جەماوەری کرێکار و فەرمانبەر و مامۆستا و بێکار و لاو و ژن لەم دەسەڵاتە بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بزوتنەوەیەکی فراوان و بەهێز و تا ڕادەیەک سەراسەرییە و جەماوەری نارازی لە ئاستێکی فراواندا بەو ئەنجامە گەیشتون کە گۆڕانکاری و دەستەبەر بوونی ماف و داخوازییەکانیان، بەندە بە کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتەوە.

– بەو پێیەی کە دەسەڵاتی ئێستا، دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیاییە و دامەزراوە حکومییەکان کارتۆنی و ڕواڵەتین، کۆتاییهێنانی بەندە بە ڕامالینی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبی لە هەریەک لە زۆنەکاندا. بەڵام مەرج نییە ئەم ڕامالێنە بەیەک تەکان و لەیەک کات و لە ئاستی سەراسەریدا، بە ئەنجام بگات. بەڵکو بەپێی هێز و هاوسەنگی ڕەنگە سەرەتا لە زۆن و یان تەنانەت لە شار و ناوچەو شارۆچکەیەکدا ڕووبدات. لە هەر ناوچەیەکدا کە ئەم دەسەڵاتە ڕادەماڵدرێت، پێویستە یەکسەر ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەری لە جێگایان دامەزرێ و توانایی بەرگری لە خۆکردنیان هەبێت. لە پرۆسەی ڕاماڵینی دەسەڵاتدا، و لە ڕێڕەوی پاککردنەوەی هەر شوێن و جێگایەکدا، هێز و هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و تەنانەت دەشێت دەسەڵاتی دوو لایەنە ببێتە ئەمری واقع لە ناوچەیەکدا، یان بەشێکی بەدەست دەسەڵاتی ئێستا و بەشێکی تری بەدەست جەماوەری ڕاپەریوەوە بێت. تا لە پرۆسەیەکدا ڕامالین و پاککردنەوەی دەسەڵات بەدوا ئاکامی خۆی بگات.

– ڕەوتە بۆرژوازییە نارازی و ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵی ئەوەدان خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نەسەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەڵات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێرانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.